# کۆنفراسێکی جیهانی بۆ پشتگیری کردن له دنیاێیکی( بێ سانسۆر) بۆ نووسین

جەلال بەرزنجی
Ckfa_Barzanji@hotmail.com

کورسێکی بەتاڵ وێنەیەکی گەورەی ژنە رۆژنامەنووسی روسی (ئانا بولیکۆفسکایا)لەسەر دانرابوو , لە بەرامبەریشی وێنەیەکی گەورەی رۆمان نووس (ئۆرهان پامۆك) هەڵواسرابوو, ئەوە دروشمی ئەو میهرەجانە جیهانیە گەورەیە بوون لە نیوەی مانگی رابردوو , بەچاودێری (قەڵەمی کەنەدا) لە تۆرنتۆ-کەنەدا ساز کرا . لەم میهرەجانە دەیان ئەدیبی گەورەو ناسراوی دنیاو کەنەدا بەشدار بوون بەرنامەی میهرەجانەکە جگە لە خوێندنەوەی هەندێك برگە لە کارە ئەدەبیەکانی نووسەرەکان لە



لایەن خۆیانەوە , چەند ئەدیبێکیش خەڵات کران . پەیامی میهرەجانەکەش پشتگیری کردن بوو لە بەدی هێنانی دنیایێکی بێ سانسۆر و سەر بەستی وشەو ئازاد کردنی نووسەرە زیندانی کراوەکان بووکە لە وڵاتانی خۆیاندا زیندانی کراون. تا ئێستا 200 نووسەر لە وڵاتەکەیاندا لە زیندان دانە و 750 هێرشیش کراوەتە سەر نووسەرو رۆژنامەنووسان لە 99 وڵاتدا,بەشداربوانی کۆنفراسەکە ئەو ئەدیب ورۆژنامەنووسە بەناو بانگانە بوون کە بەراستی پشتگیری لە ئازادی نووسین و سەربەستی نووسەران دەکەن لە دنیادا, زۆربەشیان نرخی ئەم هەڵویستەیان داوە , دوچاری ژیانی تاراوگەو زیندان بوون, ول سوینکا نووسەری جیهانی خەڵات کراوی (نۆبلی ئەدەبی) 1986 یەکێك بوو لە بەشدار بووەکان , نوسەری بەرەگەزئێرانی و دانیشتوی ئەمریکا(ئازەر نەفیسی) بەچەپڵە ڕێزانێکی گەرم لەناو هۆڵی میهرەجانەکەدا پێشوازی لێ کرا , نەفیسی ساڵی 2003 یادەوەریەکانی خۆی لە ژێر ناونیشانی (لۆلیتا لە تاران دەخوێنەوە) بڵاو کردۆتەوەو وەر گێردراوەتە سەر 35 زمان و ملیۆنەها دانەی لێ فرۆشراوە ,تا ئێستا 26 جار بە زمانی ئینگلیزی چاپ کراوەتەوە .

له میهرەجانەكەدا خەلاتی رۆژنامەنووس درا بە رۆژنامەنووس (كیم وبلان)له سەر ئەو ەی توانی بەدوای روداوی ئەو فرۆكە نەفەر هەڵگرە هیندیەدا بچێت كە 20 ساڵ پێش له ئێستا له رێگای ئاسمانی كەنەدا له حالەتێكی شاراوە كەوتە خوارەوەو بووە هۆی مردنی هەموو سەر نشینەكانی .وەهەروەها نووسەرێكی (چینی)یش خەلات كرا, كەوا تازە له زیندانەكانی چین ئازاد كراوەوە چین, رێگەی نادات بچێتە لای خێزانەكەی له كەنەدا , نووسەری ناسراوی كەنەدی و بوو وبە حاكمی كەنەدا بۆ چەند ساڵێك و



پاڵوراوی ئەم ساڵی خەلاتی (غیللەری) كەنەدی بۆ ئەدەب(ئەدیان كلاركسۆن) ئامادەی میهرەجانەكە بوو بوو له راسپاردەكانی كۆنفرانسەكە نووسینی یاداشتێك بۆ سەرۆكی روسیا ( پۆتین) دەربارەی بە غەدر تیرۆر كردنی رۆژنامە نووس (ئانابۆلیكۆفسكایا) بووكە لەم دواییە له روسیا له سەر ئەوەی له ژیانی رۆژنامەگەری دا زۆر ئازا بووەو هەرگیز درۆی نەكردبوو , باسی راستیەكانی كردبو. بەم دواییە له روسیا تیرۆر كرا.راسپاردەیەكی تری میهرەجانەكە وەر گرتنی پامۆك بوو لەرێكخراوی قەڵەمی كەنەدا وەك ئەندامی فەخری له بەر هەڵوێستی ئازایانە وخستنەروی راستیەكان له رۆمانەكانیدا, ئورهان پامۆك رۆمان نووسی توركی كە ئەم ساڵ له هەردوو دەرگای ئەدەب سیاسەت له لیژنەی ستۆكهۆلم بۆ خەلاتی ئەدەب چووە ژوورەوەو, خەلاتی ئەمساڵی پێ بەخشراو .رۆژی یەكشەمەی داهاتوو بە شداری ئاهەنگی وەرگرتنی خەلاتەكەی دەكات له ستوكهۆڵم ,كە مەلیكی سویدی خەلاتەكە پێ دەبەخشێت بۆ ئەم مەبەستە ئێستا له شاری ستۆكهۆڵە,هەر له وێندەر له چاوپێكەوتنێدا گووتی: حەز لەوێنەی پردی نێوان كەلتووری ئیسلام ورۆژئاواناكەم .:من ئەدەبێكی خەیاڵی نانووسم بۆ ئەوەی شتێك لێكبدەمەوە بۆ مەبەستێك, ئەوەش هانم نادات بۆ نووسین.منیش لەو نووسەرانە نیم كە له بورجی عاجیین!